www.kurdistannet.org

19-10-2006 7:38بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئێوە كێن خێڵی درۆ.. گەلی دەم پڕ لە هەرا. ؟* فەرەیدوون عارف

سەرنجێك، لە پەراوێزی كێشەكەی وەزیری شەهیدان و هەندێ بەناو رۆژنامەنووسدا

faraydwn78@yahoo.com



**تێبینییەکی پێویست: وەکو نەریتێکی رۆژنامەوانی بەپێویستم زانی ئەم نوسینە، لە یەکێك لەو چوار رۆژنامەیەدا بڵاوبکەمەوە، کە بەشێوەیەکی فراوان لەسەر ئەو کێشەیە نوسینیان بڵاوکردەوە. بەڵام رۆژنامەکانی (میدیا، هەولێرپۆست،کوردستان ڕاپۆرت) کە چالاکانە جنێونامە و تەشهیر و سوکایەتی کەسانێکی بێ ئاگا، وەلێ داخ لە دڵیان پەخشدەکرد، ئامادەنەبوون ئەم نووسینە بڵاو بکەنەوە. دیارە سانسۆرکردنی بابەتێک کە حەقیقەت دەڵێ پەیوەندی بە چەند حاڵەتێکەوە هەیە، (نەبوونی ئیتیکی پیشەیی، نەبوونی ئازادی دەربڕین، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هاوڕێیەتی و کارکردن بە لۆژیکی زیان نەگەیاندن بە پەزەکان). رۆژنامەی جەماوەر چوارەمین رۆژنامە بوو کە ئەم بابەتەی تێدا بڵاونەکرایەوە، دیارە برادەرانی جەماوەر ئامادەیی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی دەربڕی. وەلێ پێیانوابوو بەو هۆیەوە کە هەموو لاپەڕەکانی ئامادەیە بۆ چاپ، دەبێت چاوەڕێبکەم تا ژمارەی دادێ. واتە تا رۆژی 30\10\2006. دواجار بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی بۆ رۆژنامەی (هاولاتی) م هەنارد، بەڵام ئەو بەرێزانەش بەبێدەنگی شانی خۆیان لێ تەکاندو جورئەتیان نەکرد بڵاویبکەنەوە. هاتووچۆی ئەم بابەتە لە نێوان ئەو رۆژنامانە زیاتر لە دوو هەفتەی خایاند. هەر لەبەر ئەم هۆیە درەنگتر لە وادەی خۆی و بێ هیچ گۆڕانکارییەک بڵاو دەکرێتەوە.**

(1)

لەچەندرۆژی رابردوودا چەند بەناو رۆژنامەنووسێك، هەواڵێكی ناڕاستی رۆژنامەی (كوردستان راپۆرت) یان، قۆستەوە و بەبی رەچاوكردنی بنەماو پرنسیپەكانی ئیتیكی رۆژنامەوانی، بۆ مەبەست و مەرام و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەكاریانهێنا. ئێمە لەوماوەیەدا شاهیدی جۆرە ستەمكارییەك بووین، كە بە تەنها داهێنانێكی نوی نەبوو، لە لایەن كەسانێكی كینەدۆز و بوغز لە دڵ بەئاكام گەیشتبێت. بەڵكوئەمجۆرە لە ستەمكاری ڕیشەیەكی قوڵتری هەیەو پەیوەندی بەنەبوونی (ئەخلاقی پیشەیی) ەوە، هەیە.

ئەوكاتەی كەسێكی خاوەن پیشە، بەهەر هۆیەك بێت رێز لە كار و پیشەكەی ناگرێت (بەومانایەی رەچاوی ئەخلاقی پیشەیی ناكات)، ئیدی لێرەوە دۆخی ستەمكاری سەرهەڵئەدات. بەو هۆیەی لەم كاتەدا ئەو بەتەنها بێڕێزی بەرامبەر بە پیشەكەی ناكات، بەڵكو هاوكات دەربڕی، نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتییە بەرامبەر (ئەویتر) . كە ئەمەش جەوهەری فەلسەفەی ستەمكارییە. چونكە هاوزەمان هیچ پیشەیەك نییە بە شێوەیەك لە شێوەكان پەیوەندی بەكەسانێكی ترەوە نەبێت.

(هەرشتێ كە ناتوانری پەرسڤی بۆ بدۆزرێتەوە و پاساوی شیاوی بۆ بخرێتە ڕوو، كردەیەكە نەدەبوو بكری، چونكە ژیان و پرنسیپی ژیانی هاوبەشی كۆمەڵگا دەشێوێنی و شڵەژان لە ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرەكاندا دروستدەكات. ئەم بیرۆكەیە ئەوە دەخاتەڕوو كە مرۆڤ وەك تاكەكەس، بە بەرپرسیار دەزانێت لە ئاست ژیانی خۆیدا كە بەتوندی بەستراوە بەژیانی ئەوانیترەوە. ئەرستۆ بڕوای وابووە كە

مرۆڤ بەباش و بە خراپ سەرچاوەی کرداره ئەخلاقیەکانی خۆیەتی. ئەو مرۆڤە کردارەکانی خۆی دەخاتەوە وەکو چۆن ئافرەتێك وەچەکانی خۆی دەخاتەوە و منداڵی دەبێت، هەر لێرەشەوەیە کە مرۆڤ بەشداره لە هێنانەدی و نەهێنانەدی ژیانێکی باش و بەختەوەردا) . 1

دەکرێت لە بەر رۆشنایی ئەو ئیقتباسەی سەرەوەدا بپرسین، کام لەو نوسینانەی لە سەر ئەو هەڵەیەی (کوردستان راپۆرت) نوسران پاساوی شیاوی هەبوو؟ تاچەند نەشێواندنی پانتایی ژیانی هاوبەشی کۆمەڵایەتی لەو نوسینانەدا لە بەرچاوگیرابوو؟ ئایا بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لە ئاست ئەویتردا شتێکی رەچاوکراوبوو؟ هەر کەسێك بیەوێت وەڵامێکی دروست، وەلی نێگەتیڤی لەو بارەوە دەستبکەوێت، هێندە بەسە کە چاوێکی خێرا بەدێرەکانی ئەو نوسینانەدا بخشێنێت.

(2)

شتێك کە پێویستە بەردەوام رۆژنامەنووسان شەرێکی لێبڕاوانەی لەسەربکەن و لە چەند ساڵی ڕابردوودا تەوەری دەیان گفتوگۆو کۆڕو سمینار و بابەتی سەدان نووسین بووە، ئازادیی رۆژنامەگەری (بەدەستهێنانی زانیاری، ئازادی دەربڕین) بووە. بەڵام داخۆ شتێك بەناوی ئازادی مانایەکی هەیە، بەبی بوونی هەستی بەرپرسیاری؟ ئەگەر ئازادی و بەرپرسیاری دوو ڕووی دراوێکبن، ئەوا لە غیابی ڕوویەکی ئەو دراوەدا (بەرپرسیاری)، چ شتێك سنورەکانی نێوان) ئازادی و بەرەڵایی (دیاری دەکات؟ یان ئیلتزام (دەروەستبوون) لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدایە؟ ئەو کاتەی هەواڵێك، ستونێك، وتارێك، ڕیپۆرتاژێك، وەڵامێکی دروستی یەکێك لەم پرسیارانەی پێنییە، ئەوا لەڕووی ئیتیکی رۆژنامەوانییەوە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، تا ڕادەی بەدگومانی لە بوونی پرنسیپە ئیتیکیەکان. نەبوونی ئیتیکی رۆژنامەوانیش لە کاری رۆژنامەگەریدا، بەر لە هەر شتێك پەراوێزخستنی ماف و بەرژەوەندی گشتییە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا. لێرەدا و لەگەڵ چەمکی بەرپرسیاریدا ڕووبەڕووی چەمکێکی تر دەبینەوە کە ئەویش (رۆژنامەوانیی ڕووزەرد) ە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین: (بەرژەوەندیی گشتی دیارترین خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ڕۆژنامەوانیی بەرپرسیارو ڕووزەردە. ئەمەی دووەمیان لەڕێی پێشکەشکردنی وروژاوترین بابەت و بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج، ئامادەی گرتنەبەری هەموو جۆرە ڕێگەو شێوازێکی دەسخستنی زانیاری و بڵاوکردنەوەیانە، چونکە ئامانجی رۆژنامەوانیی رووزەرد، سوود و بەرژەوەندیی تایبەتییە. لەو پێناوەشدا هیچ بەهایەکی مرۆیی لەبەرچاوناگری و ئاساییە لای، ڕەش بە سپی نیشاندا و سپی بکاتە ڕەش!!) 2

لە حاڵێکی ئاوادا نەك هەربەهانەیەك بۆ بەهای نووسین نامێنی، بەڵکو هیچ گەرانتییەکیش نامێنی بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسی نێو ئەم رۆژنامانە، هەموو ڕاستییەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەت و بە میزاجی خۆیان ئاوەژو نەکەنەوە. لەدوای ئەم سەرەتا تیۆرییە ڕاستەوخۆ دەگوێزمەوە سەر ئەو لێشاوە نوسینە پڕ لە موهاتەراتەی لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ئاراستەی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کرا. چونکە پێموایە بێدەنگبوون لەو جنێوفرۆشییە بەشێوەیەك لەشێوەکان بەشداریکردنە لە کارێکی نا ئاکاریدا.

(ئەخلاق هەروەکچۆن پێشنووسێکی نییە. ئاواش بەبی بەڵگەو سەلماندن ڕەفتاری ئەخلاقی مانای نیە. ئەوە لایەنێکی ئەخلاقە کە وادەکات ئێمە بۆ قەبووڵکردنی شتی، بەڵگەی سەلمێنەرمان هەبێت، یاخود لە دژی بەڵگەیەك بوەستینەوە کەناتوانێت مەسەلەیەکمان بۆ بسەلمێنی) . 3

دەمەوێت لە سادەبینی ئەمجۆرە قەڵەم بەدەستانەوە دەستپێبکەم، کە یەکێك لە کێشەکانیان درك نەکردن و نەبوونی دیدێکی رۆژنامەنووسیانەی پرۆفێشناڵە، کەتوانای خوێندنەوەی دیوی دووەمی دیاردەو حاڵەتەکانی هەبێت. هەربۆیە بەردەوام قەیرانی بابەتیان هەیە. رەنگە هیچ شتێکیش هێندەی ئەوە بۆ رۆژنامەنووس مایەی نیگەرانی و قەلەقی نەبێت، کە بابەتێکی نەبێت بۆ لەسەر نووسین. لە

حاڵێکی وادا هەمیشە ڕۆژنامەنووسی بی دید و بی بابەت، دەبێت چاوەڕێبکات تا بە ڕێکەوت (ێدفە) شتێك دەبیستێ یاخود دەبینی. ئیدی هێند بەپەلە لەسەری دەنووسی، کاتی ئاوڕدەداتەوە (ئاش لە خەیاڵی و ئاشەوان لە خەیاڵی) . لەلایەکی ترەوە ئەم تایپە لە ڕۆژنامەنووسی سادەگۆ، کە دۆنکیشۆتانە مامەڵە لەگەڵ نووسیندا دەکەن، بۆئەوەی بەهایەك بەنووسینەکەیان بدەن و هەستی خوێنەری سادە بوروژێنن و گەمە بە عاتیفەیان بکەن، ڕاستەوخۆ دێن و نموونەیەك لە گوفتار و ڕەفتاری (سەرۆکی هەرێم) بەیاد دەهێننەوەو رووی دزێوی نووسینەکەیانی پی دەشارنەوە. لە راستیدا ئەم گەمەیە شتێکی تازە نییە، بەڵکو سالآنێکە راپۆرتنووسەکانی نێو رۆژنامەو ئۆرگانی حزبەکان داهێنانی نوێی تێدادەکەن و وادەزانن کە وتەی سەرکردەیەك یان سکرتێری حزبێکیان ئاماژەپێدا، ئیدی قسەکەیان هیچ گومانێك هەڵناگرێت و پێویستیشی بە بەڵگە هێنانەوە نییە. جگەلەوەی نووسینی ئەم برادەرانە هێندەی لە ڕاپۆرتەوە نزیکە، نیوهێندە خەسڵەتەکانی نووسینی رۆژنامەی تێدا نییە. ئاخرناکرێت هەرکەسێك توانای خوێندنەوەی لافیتەیەك و تابلۆی عیادەیەکی هەبێت و هەر کاتێك عاتیفەی بەجوڵە بکەوی، یان یادەوەری فێڵی لێبکات، دەستبداتە قەڵەم وبازاڕیانە بوغزو کینەو رقی هەڵبڕێژی و بەسەر هەمووشتێکدا بڕشێتەوە. یەکێك لەو راپۆرتنووسە نەخوێندەوارانە کە لە سایەی ڕاپۆرتە پڕ زانیارییەکانیدا دەبێتە لێپرسراوی ڕاگەیاندنی دەزگای شەهید و لەو پێگە ئیدارییە هەستیارەدا کێرقی گەندەڵی و فاوڵەکانی بێئەندازە بەرز دەبێتەوە ئەمڕۆ دێت و دەیەوێت تۆڵەی دەرکردن و لادانی لەو پۆستەدا بەو وتارۆچکە ناقۆڵایانە بکاتەوە. ئاخۆ ڕاگەیاندنی چ دەزگا و وەزارەتێك لە یەککاتدا پێویستی بە چەند مۆبایلێك هەیە؟! کێ لە ئێوە سەمەرەی وای بینیوە وەك ئەوەی لە ڕاگەیاندنی دەزگای شەهید هەبوو؟ ئەوەی کاتی خۆی ئەم بەناوڕۆژنامەنووسەی کردبووە لێپرسراوی ڕاگەیاندنی دەزگای شەهید کوفرێکی گەورەی کردبوو. هەربۆیە نەدەکرا لەگەلڕ دامەزراندنی وەزارەتی شەهیداندا جەنابی وەزیر ئەو کوفرە دووبارە بکاتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ڕقێکی دوژمنکارانەی لە وەزیر هەڵگرتووە و بە چەند ناوێکی خوازراوەوە چەندین نووسینی ئاستنزم و بێ ناوەڕۆکی بڵاوکردۆتەوە. یەکێك لەو برادەرانە گلەیی ئەوە لە وەزیر دەکات، کە پێیگوتون (بەناو ڕۆشنبیر) . بەڵام ئەم تەشهیرەی خۆی نابینێت کە لە رۆژنامەی میدیا، بەوەزیری شەهیدانی کردووە (کە لانیکەم تریاقی کەمکردنەوەی ئازاری کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجەت لەکن نییە، بەنینۆکەبۆیاخکراوەکانت قەتماخەی برینیشیان هەڵمەدەوە) .

بۆ ئەوانەی کە بە سودفە بوون و دەبن بە ڕۆژنامەنووس و ئەمڕۆ خۆیان لێبۆتە ڕۆشبیر، نوسینەکانیان پێماندەڵێن: نەك هەر ڕۆشنبیر، بەڵکو خوینەرێکی جدیش نین. بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونە دەکرێت سەرنج بدەینە پەرەگرافێك لە نووسینەکانی (ئێدوارد سەعید) ی گەورە بیریاری ئەمریکی بەڕەگەز فەلەستینی (رووناکبیر نموونەی پەیکەرێك نییە، بەڵکو پیشەیەك، وزەو هێزی سەرسەخت و کەللەڕەقی تاکە، کە هەر وەك دەنگدانەوەیەکی قابیلی ناسینەوەو مولتەزیم، لە زمان و لە کۆمەڵ، هاوڕی لەگەڵ باسێکی فراوان کە هەموویان لە کۆتاییدا بە پێکهاتێك ڕۆشنگەری، ڕزگاری وئازادی پەیوەندییان هەیە، دەستەو یەخەیە) . 4 ئاخۆ نووسینی ئەو ڕۆشنبیرە بلیمەتە. !! چ ئیلتزامێکی تێدایە؟ کە ئاوا دێت و گلەیی لەوەزیر دەکات. کەسێك ڕێز لە قەڵەمەکەی نەگرێت، نابێت لە بەرامبەردا چاوەڕێبکات پێیبڵێن ڕۆشنبیر.

(3)

لە دوای کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەی ڕۆژی 2006/9/28 کاتێك وەزیری شەهیدان بڕیاریدا ئەو کەسانە بداتە دادگا کە بێ بەڵگە تۆمەتباریانکردووە و ڕاستییەکانیان شێواندووە، لە گێمی دووەمی

نووسینەکانیاندا لەگەڵ دووبارەکردنەوەی هەڵە و شێواندنەکانیان بە وشەی دادگا و یاسا تووشی شۆك بوون. بڕیاردانی وەزیر بە یەکلایی کردنەوەی کێشەکەیان لە دادگا ئەوانی تووشی فۆبیا و تۆقین کرد، چونکە دەزانن بە هەموو شێوەیەك کەیسێکی دۆڕاو چاوەڕێیان دەکات. هەر بۆیە داوا دەکەن کە وەزیر دەست لە هەڕەشەی بە دادگایی گەیاندنی ئەوان هەڵبگرێت و لە بری ئەوە بچێت داوای لێبووردن لە کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە بکات. بەداخەوە کەسانێك هەبوون کەسەروەختی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئیستخباراتی بەعس و هاوکارێکی چالاکی دەزگا سیخوڕییەکانی بوون. بەڵام دواتر بوونە کاربەدەستی گەورە لە شوێنی گرنگ و هەستیاردا. کۆمیدیاکە لێرەدایە کە هەندێك لەو قارەمانانە ئەمڕۆ بەرگری لە موقەدەساتی گەلێك دەکەن کە تادوێنی دۆستی دوژمنەکانی بوون.

ئەگەر وەزیر داوای لێبووردن بکات لە کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە، لەسەر تۆمەتێك کە بۆیان درووستکردووە و شعووری هەڵەبجەییەکانیان پێ بریندار کرد، ئەوە بە مانای گەورەیی و دڵسۆزی ئەو دێت بۆ شاری شەهیدان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانەی ژەهری قەڵەمەکانیان قەتماغەی برینی هەڵەبجەییەکانی هەڵدایەوە، دەبێت جارێکی تر هێندە بێ‌شەرمانە و بێئاگایانە لەسەر شتێك نەنووسن کە کەمترین زانیارییان دەربارەی نییە. بۆ مەسەلەی یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە لە دادگا، بۆ ئەوەی کەیسەکە نەدۆڕێنن، دەبێت کارێك بکەن ئەو پرۆژە یاسایەی کاری ڕۆژنامەنووسی هەڵبوەشێننەوە، کە چاوەڕێدەکرێت پاش هەموارکردنی، پەرلەمان پەسەندی بکات. چونکە بەپێی بەندی هەشتەمی ئەو یاسایە ئەوان کارێکی نایاساییان کردوە. لە بڕگەی دووەمی قەدەغەکراوەکاندا هاتووە (نابی بۆ ڕۆژنامە ئەمانە بڵاوبکاتەوە: هەر نووسین و ڕەسم و ڕاگەیاندن وهەواڵێك، کە هانی تاوانکاری و توندوتیژی و تیرۆر، چاندنی ڕق و کینە یان یەکترنەویستن یان دووبەرەکی یان لێکترازانی پێکهاتەکانی کۆمەڵ بدات) .

بەندی پازدەیەم (حوکمەسزاییەکان) ڕۆژنامەنووس بەبڕی (2000، 000) دووملیۆن دینارسزادەدرێت ئەگەر لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەمانە بڵاوبکاتەوە: ڕ- هەواڵ یان بەیاننامە یان گۆتە گۆتی (اشاعات) درۆو بەکینە یان بانگەشەی وروژێنەر یان نووسراوی دەسکرد یان قەڵپ یان بوختان دانە پاڵ کەسی دیکەو، ئەوانەش ببنەهۆکار بۆتێکدانی ئاسایش و ترس لە نێو خەڵکی و گەیاندنی زیان بەخەڵکی.

ج- جوێن و تۆمەت هەڵبەستن بۆ خەڵك.

(4)

ئەو کاتەی کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە بە هەمانشێوەی شەهیدەکانیان خۆیان وەك قوربانییەك دەبینن و بە زمانی قوربانییەکەوە لە تراژیدیا و ژان وئازارەکانیان دەدوێن، ئیدی لێرەوە پانتایی ستەمکارییەکی شاردراوە بەردەوام زیاددەکات، ستەمکارییەك کە لە هەر چرکەساتێکدا دەشێت لەلایەن کەسانێکەوە بۆ مەبەست و بەرژەوەندی تایبەتی بەکار بهێنرێت و قەتماغەی زامێکی سارێژنەبوو هەڵبدرێتەوە و سەرلەنوێ خوێ بە زامەکاندا بکرێتەوە، بە مانایەکی تر ستەمکارییەك بێ ئەوەی کەسی قوربانی پێ بزانێ. دوور لە ئیرادە و ویستی خۆی لە دژی بەکار دەبرێت، بە داخەوە ئێمە لەو میللەتانەین کە لەسەر پاشماوەی یادەوەرییەکانمان دەژین و بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەم یادەوەرییە تراژیدئامێزانە ناتوانین هەنگاوێك بەرەو ئایندەبنێین. مەبەستم نییە لێرەدا لە بەهای ڕووداو و کارەسات و مێژووی پڕتراژیدیای میللەتەکەم کەمبکەمەوە. بەپێچەوانەوە لەو باوەڕەدام کورد دەتوانێ هەمیشە نەهامەتی و کارەساتە مرۆییە گەورەکانی وەك کارتێکی فشار لە مەسەلەچارەنووسسازەکاندا بەکاربهێنێ و بیکاتە ناسنامەیەك و لە جیهاندا پێی بناسرێتەوە. بەڵام پیشاندانی وێنەی خۆت وەکو قوربانییەك زۆر کات پێچەوانە دەکەوێتەوە. چونکە دیوی دووەمی وێنەی قوربانی لە هەستێکی

خۆبەکەمزانی و لاوازییەوە بەدیاردەکەوێت. زیاتر لە نیو سەدە بەسەر (هۆلۆکۆست) دا تێدەپەڕێت و هێشتا جوولەکە بەرۆکی مرۆڤایەتی ڕادەوەشێنێت و وەکو کارتێکی سیاسی بەکاری دەهێنێت. هەرگیز ئامادەش نییە وێنەی قوربانییەك لەسەر خۆی بداتە بەرامبەر، بەڵکو هەمیشە وەك خاوەن مافێك دێتەوە مەیدان و بە بیری هەموو دنیای دێنێتەوە کە مرۆڤایەتی قەرزارباری ئەوانن. گەلی جوولەکە ئەو ڕاستییە دەزانن کە پیشاندانی وێنەی قوربانی لە هەمانکاتدا پیشاندانی جۆرێکە لە لاوازی و ئەشێت لە هەر لەحزەیەکدا پێگەی سیاسی دەوڵەتێك و ئاسایشی نەتەوەیی میللەتێك بکەوێتە مەترسییەوە. کەچی ئێمەش تازە لەسەر وتەیەکی هەڵبەستراو قیامەتمان هەستاندووە، خەڵکی هەڵەبجە بەهەموو شێوەیەك مافی خۆیەتی بەرۆکی حکومەت بگرێت و داوای هەموو شتێکی باش بکەن، بۆ شارێك کە تا ئێستا وێرانەیەو شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە. بەڵام ناکرێت ڕێگە بەکەسانی هەلپەرست و بەرژەوەندخواز بدەن، گەمە بەعاتیفەیان بکەن و ئەوەی بەعس بۆی نەکرا ئەمڕۆ لەژێر ناوی دڵسۆزیدا بەو شارەی بکەن.

(5)

دەکرێت پرسیارێکی سادە لەو برادەرانە بکەین کە خۆیان لە هەموان پی دڵسۆزترە. هۆی چییە ئاوا لە چالاکترین و خەمخۆرترین وەزیری گەنج کەوتوونەتە تەقە و لە هەوڵی ڕووخاندنیدان، بەڵام ناتوانن ئەلفێك لەسەر (وەزیری وەرزش و لاوان) بڵێن کە هەموو بودجەی وەزارەتەکەی لە هۆتێلی خانزاد بۆ خۆیی و دوو خانمی فەرمانبەری بە هەدەر دەدات. ئاخر ئەگەر کەمێك بە ئینساف و بەرپرسیارانەوە بتاننوسیایە ئەوەتان لەو (وەزیرە سویدییە) دەپرسی کە بۆچی دوو کارمەندی کچ لە سویدەوە دەهێنێ؟ وەك ئەوەی لەم وێرانەیەدا گەنجێك نەبێت لەو وەزارەتە بتوانێ کار بکات. ئەگەر وەزیری شەهیدانیش وەکو وەزیری وەرزش و لاوان خانوویەکی بە دەفتەرێك دۆلار (10$. 000) لە وەزیرێکی تر بە کرێ بگرتایە، ئێستا ئەم جەنگی موهاتەرات و جنێوفرۆشییەتان لە بەرامبەردا بەرپا نەدەکرد!

بچن سەرێکبدەن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و ببینن کە چۆن مامەڵە لەگەلڕ موراجیع دەکرێت و ئەو وەزیرە چۆن کاری قوتابیان بەڕێدەکات؟بەڵام ئەم ڕۆژنامەنووسە سودفەچییانە جورئەت ناکەن هەر بە سودفەش بێت، پێیبڵێن پشتی چاوت برۆیە. ئاخر ئەو وەزیرە بەڕێزە ئێستا هەر بە تەنها وەزیری خوێندنی باڵا نییە بەڵکو وەزیری بەکرێدان و مۆڵەتپێدانی هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆ و زۆر شتی تریشە.

لەهەموو ئەو کێشانەی تائەمرۆ لەنێوان (بەرپرسان و هاوڵاتی) (بەرپرسان و رۆژنامەنوسان) رویانداوە، یەکەمجارە بەرپرسێك لەسەر هەق بێت و ناهەقی بەرامبەر کرابێت. (بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەوەزیری شەهیدان بەهەموو پێوەرێك دوورە لەو وێنەیەی بەرپرس کە لەنەستی هاوڵاتیاندا دروستبووە) .

هەربۆیە شایەنی ئەوەیە کەداکۆکی لێبکرێت و رێگە نەدرێت کەسانێك نان و پیاز بە قسەیەکەوە بخۆن کەنەیکردووە. هەر لەوسۆنگەیەوە هەوڵی (چنارخان) لەیەکەم رۆژی دەسبەکاربوونیەوە لەپێناوی ئەوەدا بووە کەجیاواز بێت لەو بەرپرسانەی کارنامەکانیان بە گەندەڵی دەسپێدەکاو هەر بەگەندەڵیش بە کۆتا دەگات.

ئەگەر قسە لەسەر دڵسۆزی و تواناو کەفائەی ئەو خاتوونەیە، وەك ئەوەی هەندێك بەناو رۆژنامەنووسی بێ بابەت و کینەدۆز سەنگەریان لێگرتووە. ئەوا دڵنیام (بەری خۆر بە بێژنگ ناگیری) . هەروەك بێگومانم لەوەی، دەیان قوتابی و مامۆستای زانکۆ گەواهی ئەوە دەدەن کە لە زانکۆدا، مامۆستایەکی نمونەیی و جدی بووە. هەرکەسێکیش بۆ رۆژێك رێی کەوتبێتە پەرلەمان نوینەرێکی راستەقینەی خۆی بینیوەتەوە. خۆ ئەگەر وەك ئەوەی کەدەڵێن لەبەر ئەوەی کچی شەهیدێکی

سەرکردەیە، بۆیە بەوشێوەیە پۆستی گرنگ و هەستیاری پێدەدرێت. ئەوا گەر ئەم بۆچوونە راستبێت، دەبوو کوڕو کچی هەموو سەرکردە شەهیدەکان پەرلەمانتارو وەزیروکاربەدەستی گەورەبن. بەڵام دڵنیام ئەو کچە شەهیدەی، دوێنی مامۆستایەکی نوێخوازی زانکۆو پەرلەمانتارێکی بوێرو ئەکتیڤ و، ئەمڕۆش وەزیرێکی کارامەو دڵسۆزە، هەمیشە بەکاری جوانتر و باشتر وەڵامی ناحەزەکانی دەداتەوە. دواجار دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت، هەمیشە کەسی بە توانا و پڕکار و خەمخۆر و دڵسۆز، هێندەی ژمارەی کارە باشەکانی کەسانی دژو ناحەزی هەیە. عەرەب گوتەنی (شجره المپمره ترمی بالحجر) .

---

[*] دێڕە شیعرێکی (سوارەی ئێلخانیزادە)یە

[1] رێبوارسیوەیلی، نوسین و بەرپرسیاری، لا24

[2] شوان ئادەم ئەیڤەس، ئیتیک لە رۆژنامەوانی کوردیدا، لا79

[3]. رێبوارسیوەیلی، نوسین و بەرپرسیاری، لا20

[4] ئیدواردسەعید،رۆڵی رووناکبیر، و:ئەبوبەکرخۆشناو، لا106